دکتور سا لح ئیبرا هیمی



ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، هەرکاتێ بۆ نوێژی ڕۆژی هەینی بانگ بکرێن، بەپەلە بۆ یادی خوا (و نوێژی هەینی) بڕۆن و کڕین و فرۆتن بنێنە لاوە کە ئەمە بۆ ئێوە باشترە، ئەگەر پێی بزانن ﴿٩﴾ جا هەرکاتێ نوێژ تەواو بوو، بلاوەی بکەن ڕسق و ڕۆزی لە چاکە و فەزڵی خوا بخوازن و زۆر یادی خوا بکەن تا بەڵکوو ڕزگار بن ﴿١٠﴾ هەرکاتێ بازرگانی یا کایە و گەمەیەک دەبینن بلاوەی دەکەن و دەچن بۆ لای ئەوەو تۆ هەروا بە ڕاوەستاوی لە (حاڵی نوێژ) بەجێدێڵن و تەرک ئەکەن، بڵێ: ئەوەی لای خوایە لە کایە و بازرگانی باشترە، خوا باشترینی ڕسق و ڕۆزیدەرانە ﴿١١﴾

## سوورەی موونافیقون ١١ ئایەتە

**سوورەی موونافیقون لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١١ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

هەر کاتێ موونافقان (دورو) دێنە لای تۆ، دەڵێن: شایەدی ئەدەین کە بە هەقیقەت تۆ پێغەمبەری خوای، خوا دەزانێ کە تۆ بە هەقیقەت ڕەسووڵی ئەوی و خوا شایەدی ئەدا کە موونافقان درۆزنن ﴿١﴾ ئەوانە سوێندەکانی خۆیان کردۆتە قەڵخان و سپەر، جا ڕێگای خوایان لە خەڵک گرتووە و خۆیان کردۆتە لەمپەر، ئەوانە کارگەلێ زۆر خراپ ئەنجام ئەدەن ﴿٢﴾ ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ئەوانە بڕوایان هێناوە، لە پاشان (بەدڵ) کافر بوون و دڵ و دەروونیان مۆر کراوە و دەرک ناکەن ﴿٣﴾ هەر ئەگەر چاویشت پێ‌کەوتن لە قەلافەتیان سەیرت دێ کە دەشپەیڤن و تۆ قسەکانیان دەبیسی، دەڵێی چێون بە دیوارەوە هەڵپەسێردراون، هەر هەرایەک لە دژی خۆیان ئەزانن، ئەوانە دوژمنن، خۆیان لێ‌بپارێزە، خوا بیانکوژێ چلۆن (لە هەق دەگەڕێندرێنەوە و لادەدرێن ﴿٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



هەر کاتێ پێیان بوترێ کە وەرن تا پێغەمبەری خوا داوای لێبوردنتان بۆ بکا (بە خۆبەزلزانی) سەریان با ئەدەن و تۆ ئەبینی خۆ لائەدەن، هەر ئەوانیش خۆبەزلزانن ﴿٥﴾ بۆیان یەکسانە چ داوای لێبوردنیان بۆ بکەی یا داوای لێبوردنیان بۆ نەکەی هەرگیز خوا لێیان خۆش نابێ، خوا هۆزی فاسق و خراپ ڕێنوێنی ناکا ﴿٦﴾ ئەوانە کەسانێکن کە دەڵێن: بەوانەی لای پێغەمبەرن شتێ مەدەن تا لە دەوری بڵاوەی دەکەن، لە حاڵێکدا گەنجینەی ئاسمانەکان و زەوی تایبەت بە خوایە، بەڵام دووڕووان نافامن ﴿٧﴾ دەڵێن: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مەدینە، بەڕێزان (و بەهێزان) بێڕێزان (و بێهێزان) لەوێ وەدەرئەنێن، ڕێز و دەسەڵاتیش هەر بۆ خوا و بۆ پێغەمبەری ئەو و بۆ بڕوادارانە، بەڵام دووڕووان نازانن ﴿٨﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! ماڵ و منداڵتان ئێوە لە یادی خوا بێئاگا و غافڵ نەکا و هەرکەس وا بکا، جا ئەوانە لە زیانکارانن ﴿٩﴾ لەوەی کردوومانەتە ڕسق و ڕۆزی ئێوە، ببەخشن، بەر لەوەی مردن بێتە سەر یەکێ لە ئێوە، دەڵێ: ئەی پەروەرێنەرم، ئەگەر مردنی منت کەمێ دوا بخستبا، سەدەقەم ئەدا و لە چاکان ئەبووم ﴿١٠﴾ ئەگەر کەسێ کاتی مردنی بێ، خوا هەرگیز دوای ناخا، خوا بەوەی دەیکەن ئاگایە ﴿١١﴾

## سوورەی تەغابون ١٨ ئایەتە



Dr. Saleh Ebrahimi